هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (٣٤) لە ٢٠١٩/١١/٦

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣) لە ٢٠١٩/١١/٦، و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەش لە بەرێزان وەزیرانی (پەروەردە، دارایی و ئابووری، پلاندانان) پێکهاتوو بە بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٥) لە ٢٠١٩/٩/٤، و بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە مامۆستایانی گرێبەست ماوەی چەندین ساڵە لە بواری پەروەردەدا خزمەت دەکەن و پێداویستی بواری پەروەردەیان پڕ کردووەتەوە، بڕیاردرا بە:

١. بە هەمیشەییکردنی دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە بە ناونیشان و مووچە و دەرماڵەی شایستە.

٢. وەزارەتی دارایی و ئابووری پلەی وەزیفی و تەرخانکراوی دارایی پێویست لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە بۆ ئاماژەپێدراوان لە بڕگەی (١)ی سەرەوە دابین دەکات لە ساڵی دارایی ٢٠٢٠ ەوە.

٣. سەبارەت بە ماوەی خزمەتی پێشووی ئاماژەپێدراوان لە بڕگەی (١)ی سەرەوە وەك مامۆستای گرێبەست، وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی شایستەبوونیان لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان مامەڵەیان دەکات.

٤. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران